# ئایدیا درووستەکانی مرۆڤ، لە کوێوە سەرچاوە دەگرن؟



**ماوتسی تۆنگ**

**وەرگێڕانی: زەردەشت نورەدین**

ئایدیا دروستەکانی مرۆڤ، لە کوێوە سەرچاوەدەگرن؟ ئایا لە ئاسمانەوە سەرچاوە دەگرن؟[١] نەخێر. ئایا تایبەتمەندیی ناوەکیی مێشکی مرۆڤە و لە خودی مێشکەوە سەرچاوەدەگرن؟[٢]دیسان نەخێر. **ئایدیا دروستەکانی مرۆڤ تەنیا لە "پراکتیکی کۆمەڵایەتی"[٣]ـەوە سەرچاوەدەگرن، واتە لە سێ جۆر پراکتیکی کۆمەڵایەتییەوە؛ ململانێی بەرهەمهێنان، ململانێی چینایەتی و ئەزمونە زانستییەکان.** بوونی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ، بیر و هزری مرۆڤ ڕەنگرێژدەکات و شێوەی پێدەبەخشێت. ئەو ئایدیا دروستانەی کە خەسڵەتی چینی پێشەنگن، لەگەڵ ئەوەی کە کۆمەڵانی خەڵک وەریانگرت و هەرسیانکرد دەبێتە هێزی ماتریاڵی و مادی بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا و جیهان [و ئەمەش گۆڕینی ئایدیایە بۆ هێزی ماتریاڵی و مادی].مرۆڤ بە درێژایی پراکتیکی کۆمەڵایەتی، بەشداردەبێت لە ململانێی جۆراوجۆردا و ئەزمونی فراوان، لە سەرکەوتن و شکستەکانەوە فێردەبێت.

تا ناکۆتا دیاردەی جیهانی ئۆبێکتیڤ و بەرچاوی دەرەوەی مێشک، لە ڕێگەی پێنج هەستەکەوە (بینین، بیستن، تامکردن، بۆنکردن و بەرکەوتن) لە ناو مێشکدا ڕەنگدەداتەوە کە لەسەرەتادا تەنیا زانینی هەستەکییە [ و سەربە یەقینی هەستەکییە]. لەگەڵ کەڵەکەبوونی بەڕادەی پێویستی ئەو زانیارییانەی کە لەڕێگەی پێنج هەستەکەوە وەرگیراوە، بازدانێک بەسەر زانینی مرۆڤدا دێت، بەمەش زانینی هەستەکی دەگۆڕێت بۆ زانینی عەقڵی واتە دەگۆڕێت بۆ ئایدیا [ و ئەمەش گۆڕینی هێزی ماتریاڵی و مادییە بۆ ئایدیا]. پرۆسەی زانین بەو جۆرەیە. ئەمە یەکەم ئاستە لە کۆی پرۆسەکانی زانین، واتە ئاستی گۆڕینی مادەی ئۆبێکتیڤ و بەرچاو بۆ ئاگایی سوبێکتیڤ و زەینی، و هەروەها گۆرین لە بوونەوە بۆ ئایدیا. لەم ئاستەدا، ئەوەی کە ئایا ئاگایی یا ئایدیا (وەک تیۆرییەکان، سیاسەتەکان، پلانەکان و پێوەرەکان) یاساکانی جیهانی بەرچاو و ئۆبێکتیڤ بەدرووستی تێیدا ڕەنگیداوەتەوە یان نا هێشتا نەسەلمێنراوە و هەروەها هێشتاش ڕاستی و درووستیی ئایدیا و ئاگایی یەکلانەبۆتەوە. پاشان دووەم ئاستی زانین دەستپێدەکات، واتە گەڕانەوە لە ئاگاییەوە بۆ مادە، لە ئایدیاوە بۆ بوون. لەم پنتەدا مرۆڤەکان زانینی وەدەستهاتوو لە ئاستی یەکەمەوە، لە پراکتیکی کۆمەڵایەتیدا بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی بزانن کە تیۆرەکان، سیاسەتەکان، پلانەکان و پێوەرەکان لەگەڵ خوێندنەوە سەرکەوتووەکانی واقیعدا دێتەوەیەک یان نا. بە شێوەیەکی گشتی ئەوەی کە لەگەڵ خوێندنەوە سەرکەوتووەکانی واقیعدا بێتەوە یەک

---

[١] - لێرەدا ماوتسی تۆنگ ئاماژە بە تیۆری زانین یان ئەپیستمۆلۆژیای ئوستورەیی و ئاینی دەکات کە پێی وایە مرۆڤ زانینی خۆی لە خوداکانەوە وەردەگرێت. لەم شێوەدا پێشوەختە زانینی موتڵەق دەربارەی هەموو شت لای خودا ئامادەیە و خوداش بە گوێرەی توانای مرۆڤ زانینی پێدەبەخشێت؛ وەک چۆن لە قورئاندا هاتووە کە خودا هەموو ناوەکانی فێری ئادەم، وەک یەکەم مرۆڤ، کردووە.

[٢] - لای عەقڵگەراکان(rationalists) زانین تایبەتمەندیی ناوەکی خودی زەین یان مێشکە و تاکە ڕێگەی باوەرپێکراوی گەشتن بە حەقیقەت تەنیا بیرکردنەوەی عەقڵانییە کە ئەمەش ناکۆکە لەگەڵ ئەپیستمۆلۆژیای مارکسییدا و لێرەدا ماو ڕەتیدەکاتەوە.

[٣] - "پراکتیک" یان "کردار" بەمانای بەشداریی ئاگامەند و ئاراستەداری مرۆڤ دێت لە واقیعدا، بە مەبەستی گۆرین یان بەشداربوون لە پرۆسەی گۆریندا.

درووستە و ئەوەشی لەگەڵیدا نەیەتەوە یەک ئەوا هەڵەیە. ئەمە بە تایبەتی بۆ ململانێی مرۆڤ لەگەڵ سرووشتدا ڕاستە.

لە ململانێی کۆمەڵایەتیدا، هەندێجار ڕوودەدات، ئەو هێزانەی کە چینی پێشەنگ دەنوێننەوە و نوێنەرایەتیی‌دەکەن، تووشی شکست دەبن. بەڵام ئەمە لەبەرئەوە نییە کە ئایدیاکانیان هەڵەیە بەڵکو بەهۆی ئەوەوەیە کە لەو ململانێیەی تێیدا بەشدارن، بالانسی هێزیان وەک یەک نییە و هێزە پێشەنگەکان، هێشتا بەئەندازەی هێزە کۆنەخوازەکان بەهێز نین و بەم بۆنەشەوە بەشێوەیەکی کاتی تووشی شکست دەبن. بەڵام دواجار هەر ڕۆژێک بێت هێزە پێشەنگەکان سەردەکەون. پرۆسەی زانین، بەهۆی تاقیبوونەوەوە لە پراکتیکدا، بازدانیکی تری بەسەردا دێت. ئەم بازدانە بەراورد بە بازدانی یەکەم پڕبەهاترە. لەبەرئەوەی بەهۆی بازدانی دووەمەوەیە کە دەتوانین لە ڕاست و درووستیی بازدانی یەکەمی پرۆسەی زانین دڵنیابینەوە. واتە ئەوە دەسەلمێنێت کە، ئایا ئایدیاکان، تیۆرییەکان، سیاسەتەکان، پلانەکان و پێوەرەکان کە بەهۆی ڕەنگدانەوەی جیهانی بەرچاو و ئۆبێکتیڤەوە وەدەستهاتووە، هەڵەیە یان درووستە. جگە لەمە ڕێگەیەکی تر بۆ تاقیکردنەوەی حەقیقەت بوونی نییە.

**سەبارەت بە پرۆسەی زانینی جیهان لەلایەن پرۆلیتاریاوە، ئەوەیە کە [ بۆ پرۆلیتاریا ئامانجی زانینی جیهان بریتییە لە] گۆڕینی جیهان. [بەم پێیەش پرۆسەی زانین بۆ پرۆلیتاریا پرۆسەیەکی چالاکە کە لە ڕوانگەی گۆڕینی جیهانەوە سەیری هەموو شت دەکات نەوەک، تەنیا زانینێکی پاسیڤی مەعریفی بێت کە لە ئاستی یەکەمی زانیندا قەتیس ببێت. کەواتە پرۆسەی زانین لە لایەن پرۆلیتاریاوە لە جەوهەردا ئەکتێکی شۆڕشگێڕانە و نوێخوازانەیە و نەفیی پرۆسەی زانینی مەعریفی ڕووت دەکات کە لە جەوهەردا پاسیڤە و هاوکات پرۆسەیەکی کۆنەخوازانەیە.]**

پرۆسەی زانینی درووست، زۆرجار بە دووبارەکردنەوەی جووڵان لە مادەوە بۆ ئاگایی، و پاشان لە ئاگاییەوە بۆ مادە وەدەستدێت؛ واتە جووڵان لە پراکتیکەوە بۆ زانین و لە زانینەوە دیسان بۆ پراکتیک و ئەمەش تیۆری زانین یان ئەپیستمۆلۆژیای مارکسی وئەپیستمۆلۆژیای ماتریاڵیزمی دیالەکتیکییە. **[ دەشێت ئەپیستمۆلۆژیای مارکسی کە شۆڕشگێڕانە و نوێخوازانەیە لەم فۆرمولەدا کورتکەینەوە؛ "پراکتیک – تیۆر– پراکتیک". لەم فۆرمولەدا بە تەنیا زانینی جیهان کافی نییە، بە دوو هۆکار؛ یەک،زانینی ڕووت شەرعیەتدانە بە جیهانی چینایەتی و مێژووی چەوساندنەوە، لەبەرئەوەی تەنیا جیهان دەناسێت و ئەو جیهانەش کە دەیناسێت جیهانی کۆنی چینایەتییە و هەوڵیش نادات بەشداریی پراکتیکی گۆڕانی جیهان بکات، بۆیە بەو شێوەیە جیهان دەهێڵێتەوە. دوو، زانین ئەگەر پراکتیکی نەکرێتەوە و نەچێتە خزمەتی کۆمەڵانی خەڵکەوە ئەوا لە دەستی نوخبەدا دەمێنێتەوە و ئەمیش دەبێتە سەرچاوەی پەیدابوونی چینایەتی کە چینایەتیش بنەڕەتی چەوساندنەوەیە].**

لەناو هاوڕێکانماندا، زۆریک هەن کە هێشتا ئاگایان لەم بنەما تیۆرییانەی زانین نییە. ئەگەر پرسیاریان لێ‌بکەن کە ئایدیا، بۆچوون، سیاسەت، میتۆد، پلان، ئەرگومێنت، تێبینییە ناکۆتاکان و وتارە دووردرێژەکانیان لە کوێوە سەرچاوەدەگرێت، ئەوا سەریان دەسوڕمێت و وەڵام نادەنەوە. بۆ ئەوان گۆڕینی مادە بۆ ئاگایی، و ئاگایی بۆ مادە شتێکە کە لێی‌تێناگەن، سەرەڕای ئەوەی بازدانێکی لەو جۆرە لە ژیانی ڕۆژانەدا زۆر دووبارەدەبێتەوە. بەم بۆنەوە دەبێت ئێمە هاورێکانمان ئاشنای ئەپیستمۆلۆژیای ماتریاڵیزمی دیالەکتیکی بکەین بۆ ئەوەی بەدرووستی بیربکەنەوە، بتوانن لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە بکەن. ئەزمونەکانی خۆیان کۆبکەنەوە و سودی لێ ببینن و بەسەر کۆسپەکاندا سەرکەون و کەمتر توشی هەڵە ببن، و کاری خۆیان بە باشترین شێوە ئەنجام بدەن، و هەموو وزەی خۆیان لە خەباتدا بەکاربێنن. وڵاتێکی سۆسیالیستیی گەورە و بەهێز بنیات‌بنێن، و بۆ ئەنجامدانی ئەرکی مەزن و حەتمیی ئەنتەرناسیۆنالیستی، واتە بۆ هاوکاربوون و هاوخەباتبوونی کۆمەڵانی ستەمدیدە و چەوساوەی جیهان ئامادەبن.

سەرچاوەکان:


١) https://www.marxists.org/reference/archive/mao/selected-works/volume-9/mswv9_01.htm

٢) ایده های صحیح انسان ازکجا سرچشمه می گیرند؟، اثرحاضر بخشی از" قرار کمیته مرکزی حزب کمونیست چین درباره مسایل کار روستائی درحال حاضر(لایحه)می باشد. مه ۱۹٦۳